# ئەگەر کەسێکتان نوێژی کرد لە پشتی شتێک کە دەبێتە بەربەست لە نێوان ئەو وخەڵکیدا وکەسێک ویستی لە نێوان دەستی تێپەڕ ببێت؛ ئەوا با پاڵی پێوە بنێت، وئەگەر هەر بەردەوام بوو؛ ئەوا دەبێت هێز بەرامبەری بەکاربهێنێت چونکە ئەوە شەیتانە

لە ئەبی سەعیدی خودریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەگەر کەسێکتان نوێژی کرد لە پشتی شتێک کە دەبێتە بەربەست لە نێوان ئەو وخەڵکیدا وکەسێک ویستی لە نێوان دەستی تێپەڕ ببێت؛ ئەوا با پاڵی پێوە بنێت، وئەگەر هەر بەردەوام بوو؛ ئەوا دەبێت هێز بەرامبەری بەکاربهێنێت چونکە ئەوە شەیتانە». ولە گێڕانەوەیەکدا: «ئەگەر یەکێکتان نوێژی ئەنجامدا، ئەوا با نەهێڵێت کەس لە نێوان دەستی تێپەڕ ببێت، ئەگەر هەر بەردەوام بوو؛ ئەوا با هێز بەکاربهێنێت چونکە قەرینێکی* لەگەڵدایە». *(قەرین: ئەو جنۆکەیە -شەیتانەیە- کە هەرمرۆڤێک بە درێژایی ژیانی هەتا دەمرێت دانەیەکی لەگەڵدایە)

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە - بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ئەگەر نوێژخوێن بچێتە ناو نوێژەکەیەوە وبەربەستێک لە پێش خۆیەوە دابنێت بۆ ئەوەی خەڵکی لە نێو دەستیدا تێپەڕ نەبن کە تێپەڕ بوونی خەڵکی لە نێو دەستیدا دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی پاداشت لە نوێژەکەی چونکە بیری لە لای نوێژەکەی نامێنێت، کاتێک نوێژخوێن دەستدەکات بە پاڕانەوە وداواکردن لە پەروەردگار وکەسێک بیەوێت بە نێو دەستیدا تێپەڕ ببێت ئەوا با بە سووکی دووری بخاتەوە، ئەگەر بە ئاسانی دوور نەخرایەوە، ئەوا لەم کاتەدا ئەو کەسە سنووری خۆی تێپەڕاندووە ودەستدرێژی کردووە، و نوێژخوێنەکە دەتوانێت هێز بەکاربهێنێت بۆ ئەوەی بە دەستی دووری بخاتەوە؛ چونکە کردەوەی ئەم کەسەی بە نێو دەستی نوێژخوێندا تێپەڕ دەبێت لە کردەوەی شەیتانە کە دەیانەوێت نوێژەکان وپەرستنەکان لە خەڵکی تێکبدەن ولە خودا دووریان بخەنەوە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10871